تەمووێلی مووچەکانی مانگی ئادار خرایەسەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم

تەمووێلی مووچەی مانگی ئادار خرایەسەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی.

دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ چوارشەممە 26ـی ئادار، بڕی 954,880,476,779, نۆ سەدو پێنجاو چوار ملیار و هەشت سەدو هەشتا ملیۆن و چوار سەدو شەست و حەوت هەزارو حەوت سەدو حەفتاو نۆ دینار وەک تەمووێلی مووچەی مانگی ئاداری مووچەخۆران و فەرمانبەران و خانەنشینانی هەرێمی کوردستان، لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵەوە خرایەسەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لقی هەولێری بانکی ناوەندی عێراق.

بەیارە سبەی پێنجشەممە دەست بەدابەشکردنی مووچە بکرێت و وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم دەڵێت، "ئەو مووچەخۆرانەی لەڕێی پرۆژەی هەژماری منداڵەوە مووچە وەردەگرن ڕاستەوخۆ پارە دەخرێتە سەر هەژمارەکانیان و لەڕێگای کورتەنامەوە ئاگادار دەکرێنەوە".